# بە فیتی میت. . . هەردی عەول

ئەحمەد زەکی خۆی لە قەرەی باسێکی هێندە سەخت داوە، کە هەزمکردنی بۆ لانی کەم لە سەدا نەوەدی کورد زۆر زەحمەت بێ، چونکە ئەو زۆر بێباکانە موقەدەساتەکانی کوردی کردووە بەژێر پێوە، هێندە بێباکانە سووکایەتیمان پێ دەکات خۆمان تاساوین وامان لێهاتووە بەدرۆکانی باوەڕ بکەین، ئەوەتا چاوپێکەووتنەکەی زیاتر لە هەزار کەس گوێی لێگرتووە کەچی لە دوو وەڵام زیاترمان بۆ ئەو کارەساتە درووستکراوەی ئەحمەد زەکی پێ نەبووە لە سایتەکاندا، ئەمەش یەکێکە لە مەبەستەکانی داگیرکەرانی کوردستان کە ئەیانەوێ پێمان بقبوولێنن کە ئێمە هیچ نین و سەرکردەمان هیچ نیە و مێژوومان هیچ و خەباتمان هیچتر. ئەم قسانەی ئەحمەد زەکی بە قەدەر پیلانی گیرانەکەی ئۆجەلان ناخۆشن، چونکە ئەحمەد زەکی خۆی و ئێمەش ئەزانین کە درۆن. لە م سایتەدا جاری وا بووە بە هەفتە دوو کەس سێ کەس وەك کەو بەرامبەر یەکتر خوێندوویانە بەزۆری زۆرداری وازیان لە قسەو تانە بۆ سەر یەکتر نەهێناوە، ئێستاش ئەحمەدزەکی والە وەتەری حەساسی داوین نازانین چۆن ولە کوێوە دەست پێبکەین و چۆن پێی بڵێین درۆ ئەکەیت خوێنەرانی ئازیز ئەحمەد زەکی کابرایەکە دووژمنان ئەیانەوێ لە ناوماندا بیچێنن، ئەوەتا حکومەتی تورکیا ئەڵێ ئۆجەلان تاوانبارە بە تاوانی جووداخوازی و پارچەپارچە کردنی دەوڵەتی تورکیا. ئۆجەلان داوای مافی میللەتێکمان لێ ئەکات کە وجوودی نیە لە تورکیادا. کاك ئەحمەدیش ئەڵێ ئۆجەلان میتی تورکیا یە، سەیرە. . ! کام یەك لەم دووژمنانە راست ئەکەن ؟ من بەش بەحاڵی خۆم قسەی دووژمنی یەکەمیان بەڕاست ئەزانم چونکە ئەگەرکەسێك بەئاستەمیش گیانی کوردایەتی وکوردپەروەری تیا بێت بەو زمانەی کە ئەحمەد زەکی پێی پەیڤیوە ناپەیڤێ. پاشان کاك ئەحمەدی پارێزەر ئێستاش باوەری زیاتر بەخەباتی چەکداری هەیە، هەڵبەت لێرەدا بەزمانی زۆرینەی خەڵکی کورد ئەیەوێ قسەبکات چوونکە بەداخەوە زۆرینەی گەلی کورد خەباتی سیاسی نەکردووە و لەڕاستیدا نەیانهێشتوە وەك گەلێك مومارەسەی مافەکانی خۆی بکات. بۆیە لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسدا کە دەلێ ئەگەر بەڕێزان مام جەلال وکاك مەسعود بگیرانایە وەك ئاپۆ وەڵامیان ئەدایەوە یان نا؟. لە وەڵامدا ئەحمەد زەکی ئەلێ نەخێر ئەوان لە چەندین شەڕدا لە گەڵ پێشمەرگەدا بوون و شەڕیان کردووە، بەڵام ئۆجەلان لە شامەوە سەرکردایەتی شۆڕشی دەکرد، بەداخەوە بەم قسەیەی ئەتوانم بڵێم سۆزی زۆر کەسی بۆ لای قسەکانی خۆی ڕاکێشاوە، بەڵام ئەمە هەرچۆنێك لێکی بدەیتەوە ناتوانی بڵێی وتەی کەسێکی هوشیار و ماف پەروەرە چونکە کەسی هوشیار ئاوها بۆ مەسەلەیەکی حەیاتی و چارەنووسساز ناچێ، مرۆڤی هوشیار پێی وانیە ئەوەی کە تەقەی نەکرد ئیتر شۆڕش گێڕو خەباتکار نەبێ و بۆی نەبێ لە کاروبارەسیاسیەکاندا بێتە پێشەوەو قسەی خۆی بکات، هەروەها بەڕێز ئەحمەد زەکی بۆچی نەیتوانیوە پارێزگاری لە خۆی بکات

(کەواتە چۆن ئەتوانێ پارێزەری ئۆجەلان بێ ؟) و ناچار بووە لەتورکیا ڕابکات و دایکی مناڵەکانی هەر لە توورکیادا بەقسەی خۆی پارێزەری ئەو ژنانەیە کە تورکەکان دەستدرێژی جنسی یان لی کردوون، خەڵکینە بزانن ئەم کابرایە دوو خاڵی چەند گرنگی پێ سپێرراوە، بەڕاستی ئەوە ی دەرسی داداوە زۆر ئاقڵە و مۆخی کورد شارەزایە. ئەحمەد زەکی لە مەجمووعەیەك لاوە مەست وحەیرانە، لەلایەك گەورەترین خەباتی کوردایەتی بەسووك سەیر ئەکات و بە دەسکردی میت ی ئەزانێ و سەرکردەی بزووتنەوەی کوردایەتی بەکەم ئەزانێت و ئەیەوێ لە بەرچاوی میللەتەکەی سوکی بکات، بەحسابی خۆشی لەدەست توورك ڕای کردووە، دایکی مناڵەکانیشی لە تورکیا پارێزەری ئەو کچە بەستە زمانانە یە کە تەعدایان لێکراوە لە لایەن سەربازەکانی تورکیاوە، ئەم دوو ڕۆڵە بۆیە بەمانە سپێرراوە بۆ ئەوەی هەرچی ئەحمەد زەکی ووتی ئیتر پێمان ڕاست بێ، چونکە ئەوە نیە ژنەکەی پارێزەری شەرەفی کچانی کوردی گرتۆتە ئەستۆ !، کە مەسەلەش کەوتە سەر شەرەف ئیتر کەس قسەی نامێنێ کێشەگەورەکەی کوردانیش لێرەوە دەست پێ دەکات. ئەوەتا ئەم کەسە لە نوقتەی حەساسەوە لە گەڵ کوردا دەستی پێکردووە بۆیە وەڵام دانەوەی بەڕاستی کەسی زاناو دەروون ناسی ئەوێ چونکە ئەم سیاسەتێکی گەورەتر لە پشتیەوە ڕاوەستاوە. دوای ئەوە بۆچی لە بەڕێز ئەحمەد نەپرسین کە ئەو هەوڵ و کۆششە ی خۆی کە تەرخانی کردووە بۆ ئەوەی بە کوردی بسەلمێنێ کە ئۆجەلان دروستکراوی میتە، بۆچی کارەکەی پێچەوانەناکاتەوەو هەوڵ بدات بە خەڵکی تورکی بسەلمێنێ کە ئەوە دەوڵەتەکەی خۆیانە دوژمنیان بۆ دروست ئەکات وڕۆڵەکانیان بەکوشت ئەدات، گەلی کورد ئاگای لە کوشت و بڕی تورکان نییە و تێکڕا بەدەستی میت و سوپاکەیانەوە جێ بەجێ دەکرێ، ئەوە میتی تورکانە ئۆجەلانی بۆ درووستکردوون. وا بزانم بەمکارەی خزمەتێکی چاکتر بە خەڵکی تورك و کوردیش ئەکات، ئەوسا هەموو دنیا ڕاستیی‌کانیان بۆ دەردەکەوێت.

ئەحمەد زەکی هاتۆتە دەرەوە بەتایبەتیش بۆ ئەڵمانیا بۆ ئەوەیە ئەو ڕیزە یەکگرتوانەی لوبی کوردی لە ئەڵمانیا تێك وپێك بداو دوودڵی وگومان لە ناویاندا درووست بکات وبە کوردیەکەی بە درووستکردنی دام و دەزگای کارتۆنی ئەوەی کە ماوە و هەیە لە دەرەوەی وڵات تێکی بدات. هەروەها ئەحمەد زەکی ئەڵێ بە هۆی پارێزگاری لە ئۆجەلان تووشی زۆر کیشە بووە لە تورکیادا خەڵك هەرەشەی لێکردووە، ئەمەوێ کاك ئەحمەد بۆمان ڕوون بکاتەوە خەڵکی تورك میللەتێکی دڕو نەفامن یان حکوومەتەکەیان، کە کار گەیشتۆتە ئەوەی لە هەردوکیان قاچاغ بێت ؟، ئەی باشە کە خەڵك هەڕەشەی لێکردبێ لە سەر ئەوەی کە دیفاعی لە ئۆجەلان کردووە ؟! کەواتە بۆ دەبێ ئۆجەلان تورکیا درووستی کردبێ؟؟!! باشە گریمان ئۆجەلان تورکیا درووستی کردووە جەنابت چۆن زانیت کە ئەو سەر بە میتی تورکە، لە چ سەرچاوەیەکەوە هەواڵی میت بەتۆ گەیشت و وا عامی خەڵکی

توركیاو ڕۆژنامە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن زۆر شوێنی تر نەیانزانی ؟، هەموو تورك و دەزگا جیا جیاکانیان بەدرێژایی خەبات و گیرانی ئاپۆ و هەتا ئەمڕۆش نەیانتوانی بە (میت) بوونی ئۆجەلان بۆ خەڵکی تورك بسەلمێنن، تۆ چۆن ئەتوانی بە (میت) بوونی ئەو بە کوردان بسەلمێنی ؟.
لە شوێنێکی تردا کاك ئەحمەد ئەفەرموێ کە ئۆجەلان هیچ کاریگەری دەرمانی لە سەر نەبووە. باشە کاکە چۆن زانیت کە دەرمانخوارد نەکراوە و هیچ مادیەکی سڕکەر و لەو جۆرەشتانەی نەدراوەتێ ؟، کاك ئەحمەد جەنابت پارێزەری، خۆ دکتۆر نیت ؟! چۆنت زانی دەرمانی نەدراوەتێ ؟ پاشان ئەو دەرمانە ماست نیە بەلێویەوە دیار بێت برالە، ئەی تۆ چۆن بۆ ئیمەی ئەسەلمێنی کە جەنابتان میتی تورك نین ؟؟؟
ئەحمەد زەکی بەم لێدوانەی ئەیەوێ والە کوردو تاکەکانی گەلی کورد بکات کە خودی کوردخۆی گاڵتە بە سەرکردەو مووقەدەساتەکانی خۆی و مێژووی خۆی بکات و بەلایەوە ئاسایی بێ ئەگەر یەکێکیش پێشێلی ئاسایشی نەتەوەیی بکات. هەموومان ئەزانین بەرێز ئەحمەد زەکیش باش دەزانێ کە داگیرکەرانی کوردستان چەند زۆرزانو بەفێڵ و تەڵەکەبازن. هەرکاتێك کورد هەنگاوێکی نابێ بۆ پێشەوە ئەوان دووسەد داوو تەڵەی تریان بۆ ناوەتەوە.
بێجگە لە کاك ئەحمەد هیچ پارێزەرێکی ترمان نەدی وگوێشمان لێ نەبوو بەو شێوەیە باسی ئۆجەلان بکات.
ڕەنگە هەندێ لە قسەکانی بەڕێز ئەحمەد زەکی ڕاست بن کە لە زمانی ئۆجەلانەوە ئەیگێڕێتەوە. چونکە ئۆجەلان زانیویەتی ئەحمەد زەکی کێیە.